# عەشق بەردەوامە

زانیار محەمەد

zaniarrm@yahoo.com

ئەوە یەکەمین جار نییە، کچێك لەلایەن کۆمەڵێك کەڵە کوڕو دەستەیەك پیاوی کوردەواری پۆلیسئاساوە دەکوژرێت، هەموو ڕۆژێك عاشقەکان، ژیاندۆستەکان ڕاودەنرێن، دەشکێنرێنەوە، بێحوورمەتی گەورەیان بەرامبەر دەکرێت، ئەوە تەنها ئێزیدییەکان نین دێنو گەنجێکی مێینەی عاشق لە ماڵە زیندانئاساکانیان دەردێننو بەبەردو ڕقو دڕندەییان دڵی لەت دەکەن، ئەوە کۆی کلتوورو ترادسیۆنی مەزهەبیی کوردە کەڕقی لەعەشقە، قەڵسە بەیەکدی خۆشوویستن، تووڕەیە لەجوانی، وەڕس دەبێت بە لەئامێزگرتن، چاوی سوور دەبێت بە ژیاندۆستیو ئازادی!

ئەوە کلتووری پاترپارکیەتی کوردییە کە دەبێت هەموو هەڵبژاردنەکان لەدەستی پیاواندا بێت بەتەنها، ئەوە ژنەکانو مێینەو کیژۆڵەکان نین توانییبیان ئازادبن، بە ئازادی شووبکەن، بە ئازادی عیشق بکەن، سێکس بکەن، بفڕن....نا تکایە ئەمانە تابۆن، ئەو هێڵە سوورانەن کە لادان لێیان کوشتنو مەرگی لەدوایە.

لە کوردەواریدا ئازادی قەدەغەیە، هەرگیز نابێت مێینەیەك حەزی هەبێت، بیەوێت گۆرانی بڵێت، عاشقی باران بێت، خۆی ڕووت بکاتەوە، خودایە ئەم نێرسالاریو دڵڕەقییە خاوەنەکەی ئینسانە؟!...تۆ لەکوێ بوویت کاتێك دوعایان کوشت؟! ئەی گەر تۆ میهرەبانیت چۆن ئەم دڵبەردییەت پێ قبوڵ دەکرێت؟ بۆ لەحزەیەك تووڕە نەبوویت لە دڕندەی ئەم پیاوانە، لە دڵڕەقی ئەم پۆلیسانە؟

من بۆ هەمیشە فیلمی "مالینا"م لەیاد ناچێتەوە، کاتێك ژنێك لە چاوەڕوانی مێردە بۆ جەنگچووەکەیدا بەتەنها دەمێنێتەوە، خەڵکی هەموو شار باسی دەکەن، ئەویش بۆ بژێوی ژیانی لە دامەزراوەیەکی پارتی نازی ئیش دەکات، بۆ نەگبەتی ڕۆژێك خەڵکی شارەکە بە قژ دەیکێشنە ناوەندی شارەکەو بە لێدانو شەقو تف سوکو ڕسوای دەکەن، خودایە چ گوناهێکە ئینسان بیەوێت ئازاد بێت! ئاخر بۆچی سمێڵ زلەکانی کوردەواری، کەڵەگاکانی ئەم جەنگەڵە خێرا کەللەیی دەبنو عیشق دەکوژن، ئازادی سەردەبڕن، ئاخر لەهەمووی سەختتر ئەو پێکەنینەیانە، پێکەنینی سەرکەوتن، دێنو دەتکوژنو لەسەر لاشەکەت پێدەکەنن، چ عەزابێکە!

هاوکاتی ئەم لەحزەی بێئومێدیو دڵشکانە گەورانە، ڕۆمانی "پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان"ی "شێرزاد حەسەن"م یاد دێتەوە، "بایزو هەمین" ئەو دوو عاشقەی ڕەدووەدەکەونو دەڕۆن بۆ ئەوەی ئازاد ببن، بۆ ئەوەی عەشق بکەن، بۆ ئەوەی بەڕووتی بۆنی یەکدی بکەن، یەکدییان خۆش بوێت، ئەوانیش هەرگیز ڕێساکانی پاترپارکیەت ڕێیان نادات پێکبگەنو تێکەڵی یەکدی ببن، پەنا دەبەنە بەر جیهێشتن، جیهێشتنو هەڵهاتن لەیاسا پوچە نێرسالارییەکانی کوردەواری، ئەوان یاخی دەبن لە نێرسالاریو ئاغاگەریو پاترپارکیەت، "بۆ ئەوەی خەونەکانت بەدی بێن دەبێت ئێرە بەجێبهێڵێت" ئەمە فەلسەفەی ژیانە لێرە، لەم نێرسالاریو پیردەسەڵاتو کەلاوەیەدا، هەموو عاشقێك ڕۆژێك پیاوەکانو پۆلیسەکان خەونە یاساغەکانی دەکوژن، خەیاڵە عاشقانەکانی سەردەبڕن، تکایە نابێت خەونمان هەبێت، خەیاڵمان هەبێت، حەزمان هەبێت، دەنا دەکوژرێین!

پیاوەکان بەردەوام دەبن لەسەر کوشتنو ڕقو کەللەیی بوونی خۆیان، ئەوان گورگئاسا بە مەرگو مردنمان پێدەکەنن، چێژ لە کوشتنمان وەردەگرن، پۆلیسەکان بەردەوام بەدوماندا دەگەڕێن، لە هەر گۆشەیەك تکەیەك بۆنی عەشق بکەن ئەو شوێنە ئەو گۆشەیە دەسوتێنن، بەڵام ئەوەی بەختەوەرییە کوڕو کچەکان وازناهێنن لە ژیاندۆستیو خەون بینین، لە فڕین، لە عیشق، لە حەز، لە خەیاڵ...